# پەیــامەکەی ئۆجــەلان و هــاوکێشە سیاســییە ناوخۆییەکانی تورکیا

**موەفەق عادل عومەر**، دکتۆرا لە سیستەمە سیاسییەکان و مامۆستا لە بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی_ زانکۆی سەلاحەددین

**پێشەکی**

دۆزی کورد لە هاوکێشە سیاسییە ناوخۆییەکانی تورکیا، بۆ ماوەیەکی دوورودرێژە پێگە و ڕۆڵیکی گرنگ و ستراتیژیی هەیە؛ تەنانەت سەقامگیریی وڵاتەکە بەندە بە دۆزینەوەی چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ ئەو کێشەیە. لە ساڵان و قۆناغەکانی پێشوو، بە ڕێگەی جیاجیا هەندێک هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە دراوە، بەڵام زۆربەی ئەم هەوڵانە زیاتر بریتی بووە لە بەکارهێنانی هێز بۆ کۆتاییهێنان بە پەکەکە تا گەیشتنی ئاک پارتی بە دەسەڵات لە دوای ساڵی ٢٠٠٢. ئاک پارتی، بەتایبەت "ڕەجەب تەییب ئەردۆغان" چەند هەنگاوێکی جددیی نا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە بە شێوەیەکی ئاشتییانە، بەڵام لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٥ ئەم هەوڵانەی ئەردۆغان کۆتایی پێ هات و سەرلەنوێ هەڵوێستی تورکیا بەرامبەر چارەسەرکردنی کێشەکە بە ڕێگەی ئاشتییانە، گۆڕا بۆ بەکارهێنانی هێز.

بێ گومان هەندێک پێیان وابوو کەوا هەر لە سەرەتاوە ئاک پارتی و ئەردۆغان نییەتی چارەسەرکردنی کێشەکەیان نەبووە بە ڕێگەی ئاشتییەوە، بەڵکوو ئەوەی ڕووی داوە بریتی بووە لە ستراتیژییەتێکی هەڵبژاردن بۆ ڕاکێشانی دەنگی دەنگدەری کورد. لە پاڵ ئەمە، نییەتی پەکەکەیش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، وەکوو ئەوەی ئەردۆغان، لە پێناو گەلی کورد نەبووە بەڵکوو ئەجێنداکەی پەکەکە پڕە لە خزمەتکردن بە بەرژەوەندییە تەسکەکانی هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان. هەروەها پەکەکە جگە لە خۆی هیچ هێزێکی دیکەی پێی قبووڵ نییە؛ تەنانەت ڕێگەی نەداوە و نادات لەناو خودی تورکیا کەسێک یاخود لایەنێک بۆ خزمەتکردنی دۆزی کورد و گەیاندنی پەیامەکەی بە خەڵکی تورکیا و جیهان، سەر هەڵبدات. ئەم هۆکارانە وای لێ کرد پرۆسەی ئاشتیی یەکەم لە ساڵی ٢٠١٥ بەتەواوەتی کۆتایی پێ بێت و پێ بنرێتە قۆناغێکی پڕ لە توندوتیژی لە نێوان پەکەکە و سوپای تورکیا.

بەڵام بەهۆی گۆڕانکارییە ستراتیژییەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و هەرێمی و ناوچەکە، هەندێک لە هاوکێشەکان گۆڕانکاریی جددییان بەسەردا هات و بەتایبەت دوای ٧ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٢٣ و پاش ئەو گۆڕانکارییە گرنگانەی کە لە لوبنان و سووریا ڕوویان دا، تورکیاش هەستی بە مەترسییەکان کرد و بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی هاوکێشەکەدا بمێنێتەوە، بڕیاری دا لەسەر ئاستی ناوخۆ هەندێک چاکسازی ئەنجام بدات، بەتایبەت لە بابەتی پرۆسەی کرانەوە و ئاشتیدا.

لەم چوارچێوەیە سەرۆکی زیندانکراوی پەکەکە "عەبدوڵڵا ئۆجەلان" دوای پرۆسەیەکی دوورودرێژ لە دانوستان و سەردانیکردنی شوێنی دەستبەسەربوونی لەلایەن نوێنەرانی دەم پارتی، لە <u>ڕێکەوتی ٢٧ی شوباتی ساڵی ٢٠٢٥، پەیامێکی ڕاگەیاند کە گرنگترین خاڵ تیایدا</u> "داواکاریی چەکدانانی پەکەکە" بوو.

لە بابەتی ئەم جارەمان هەوڵ دەدەین بە شێوەیەکی گشتی تیشک بخەینە سەر ئەم بابەتە، بەتایبەت ئەوەی کە لەسەر ئاستی ناوخۆی تورکیایدا چ جۆرە کاردانەوەیەکی لەگەڵ خۆیدا هێنا.

**هەڵوێستی لایەنە سیاسییەکانی تورکیا بەرامبەر پەیامەکەی ئۆجەلان**

لایەنە سیاسییەکان لە تورکیا بە شێوەیەکی گشتی گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی، کە دەبێت کۆتایی بەم شەڕ و پێکدادانە بێت کە لە نێوان پەکەکە و سوپای تورکیادا ڕوو دەدات؛ چونکە هەم لە ڕووی دارایی و هەمیش لە ڕووی گیانییەوە زەرەر و زیانی زۆری گەیاندووە. بۆیە دۆزینەوەی چارەسەرێکی ڕیشەیی بۆ ئەم بابەتە، لەوانەیە ببێتە هۆی چەسپاندنی سەقامگیرییەکی بێوێنە لە تورکیا.

لایەنە سیاسییەکان لە تورکیا تێڕوانین و بۆچوونی جیاوازیان هەیە بەرامبەر دۆزی کورد بەگشتی و پەیامەکەی "ئۆجەلان" بەتایبەت، بۆیە دەتوانین هەڵوێست و بۆچوونەکانی لایەنەکان بەم شێوەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

**یەکەم:** هاوپەیمانیی کۆماری (Cumhur İttifakı) کە ئاک پارتی و حزبی بزووتنەوەی نەتەوەپەرست گرنگترین و سەرەکیترین دوو لایەنی هاوپەیمانییەکەن، ئەم جارە بەیەکەوە بڕیاری دەستپێکردنی پرۆسەی ئاشتییان دا لە تورکیا. ئەوەی زۆر سەرنجڕاکێش بوو، هەڵوێستی سەرۆکی "مەهەپە"، "دەوڵەت باخچەلی" بوو، چونکە ئەم حزب و کەسایەتییە بەوە ناسراو بوون کەوا بە هیچ شێوەیەک هەڵوێستی ئەرێنی بەرامبەر بە دۆزی کورد لە تورکیا نانوێنن؛ بەڵام دەوڵەت باخچەلی لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٤ بۆ یەکەم جار دەستپێشخەر بوو بۆ پێشنیارکردن بۆ دووبارە دەستپێکردنی قۆناغی ئاشتی لە تورکیادا. تەنانەت هەندێک لە میدیاکانی تورکیا، باخچەلییان بە ئەندازیاری قۆناغی ئاشتیی ئێستا ناوزەند کرد.

بۆیە سەرەتا پێویستە هۆکاری ئەم گۆڕانکارییە بخرێتە ڕوو کە لە هەڵوێستی باخچەلی ڕووی داوە، چونکە لە قۆناغی ڕابردوودا کە ئاک پارتی تا ساڵی ٢٠١٥ پرۆسەی ئاشتیی بەڕێوە دەبرد، باخچەلی یەکێک بوو لە دژبەرە ڕوون و بەرچاوەکان کە ڕاستەوخۆ داوای لەسێدارەدانی ئۆجەلانی دەکرد. لەم چوارچێوەیەدا ماوەیەک پێش گۆڕانکارییەکانی سووریا، گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە هەڵوێستی باخچەلی هاتە ئارا. پێشبینی دەکرێت، باخچەلی لە ڕێگەی حکوومەتی تورکیاوە، بەتایبەت لە ڕێگەی دەزگە هەواڵگرییەکانی ئەم وڵاتەوە، پێشوەختە ئاگاداری ئەو گۆڕانکارییانە کرابێت کە لە ناوچەکەدا ڕوو دەدات؛ تەنانەت وا دیارە تورکیاش دەبێتە بەشێکی گرنگی ئەم گۆڕانکارییانە. بەڵام بۆ ئەوەی پارێزگاری لە یەکپارچەیی خاکی تورکیا بکرێت، ئەوە پێویستی بە هەنگاوی جددی و نەوعی هەیە لەسەر ئاستی ناوخۆ، کە سەرەکیترینیان "دۆزی کورد"ە. واتا گۆڕانکارییە چاوەڕوانکراوەکانی ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی لە لایەک و بارودۆخی سیاسیی ئاک پارتی و مەهەپە (هاوپەیمانیی کۆمار) لە لایەکی ترەوە لەسەر ئاستی ناوخۆدا ڕووبەڕووی کێشەی زۆر بۆتەوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕێژەی دەنگەکانیان کەم دەکات. هەر بەپێی نوێترین ڕاپرسی کە لەلایەن کۆمپانیانی "ئەنکا – ئار" (Ank - Ar) حزبی کۆماریی گەل (جەهەپە) توانیویەتی ببێتە حزبی یەکەم لەسەر ئاستی تورکیا و پێشبینیی دەکرێت نزیکەی (31.4%)ی کۆی گشتیی دەنگەکان بەدەست بهێنێت و بە جیاوازیی نزیکەی (3.5%) لە پێش ئاک پارتی بێت. هەروەها بەپێی هەمان ڕاپرسی، پێشبینیی ئەوە کراوە کەوا ڕێژەی دەنگی ئاک پارتییش بگاتە (27.9%)ی کۆی گشتیی دەنگەکان. جگە لەمە ئەوەی تێبینی کراوە، ڕێژەی دەنگی "حزبی زەفەر"ە کە "ئومێد ئۆزداغ" سەرۆکایەتیی دەکات و ئێستا لە زینداندایە، دەگاتە

(6%)ی کۆی گشتیی دەنگەکان. ئەم ڕاپرسییە پێش پەیامەکەی ئۆجەلانە. چاوەڕوان دەکرێت ڕێژەی دەنگەکان دوای پەیامەکەی ئۆجەلان گۆڕانکاریی زیاتر و بەرچاوتری بەسەردا بێت؛ بۆیە پێشبینیی دەکریت، بەتایبەت دوو لایەنی سەرەکی، گۆڕانکاری لە ڕێژەی دەنگەکانیان بێتە ئارا کە یەکەمیان "ئاک پارتی" و "مەهەپە"یە، ئەوەی تریان "دەم پارتی"یە. ئەردۆغان و ئاک پارتییش لە پێناو کاریگەریخستنە سەر دەنگی جەهەپە و هاوپەیمانەکانی کار دەکات؛ بەتایبەت دەیەوێ دەنگی کورد بۆ لای خۆی ڕابکێشێت یاخود لایەنی کەم گەرەنتیی ئەوە بکات دەم پارتییش بێتە ڕیزەکانی هاوپەیمانیی کۆمار، چونکە بۆ گۆڕانکاریی دەستوور و گەرەنتیکردنی خۆکاندیدکردنی ئەردۆغان، پێویستیی بە پاڵپشتیی دەنگی کورد هەیە.

لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانییەکانیش ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر هەیە، ئەویش بریتییە لەوەی کورد پاڵپشتیی کام لایەن بکات ئەوە ئەو لایەنە سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت. بۆیە دەتوانین بڵێین ئەمانە سەرەکیترین خاڵن کە پاڵی بە ئاک پارتی و مەهەپە ناوە بۆ ئەوەی دووبارە پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا دەست پێ بکەنەوە.

**دووەم:** جەهەپە و هاوپەیمانانی کە لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن پێك دەهێنن، ئەوانیش ڕۆڵی گرنگیان هەیە لەم پێشهاتانە و بەتایبەت بابەتی دووبارە دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی. لەم چوارچێوەیەدا هەر دوای پەیامەکەی ئۆجەلان، <u>سەرۆکی جەهەپە، ئۆزگور ئۆزەل، ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی پێگەی "ئێکس"ەوە هەڵوێست و پەیامی خۆی ڕاگەیاند</u>. ئۆزەل لە پەیامەکەیدا جەختی لەسەر ئەم بابەتانە کرد:

1. جەهەپە بە درێژاییی مێژوو لەگەڵ ئەوەدایە بووە و دەبێت کە سەرجەم کێشە و گرفتەکانی وڵات لە ڕێگە دیموکراسییەکانەوە چارەسەر بکرێن؛ لە هەمان کاتدا دژی تیرۆر بووە بە هەموو شێوەکانی؛ هەروەها ئەم هەڵوێستەی جەهەپە لە داهاتوویشدا درێژەی پێ دەدرێت و بەردەوام دەبێت.
2. ئێمە وەکوو جەهەپە لەگەڵ ئەوەداین کەوا پێویستە دۆزی کورد لەژێر چەتری پەرلەمانی تورکیا بە شێوەیەکی شەفاف و ڕوون و بە بەشداریی نوێنەرانی سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگە چارەسەر بکرێت. هەروەها دەبێت لەم چوارچێوەیدا لەژێر چەتری بنەما دیموکراسییەکان و بنەمای دەوڵەتی یاسا و لە پێناو دەستبەرکردنی ئاشتیی کۆمەڵایەتی، بۆچوون و ڕەزامەندیی سەرجەم لایەنەکان لەگەڵ بنەماڵەی شەهیدان و بریندارانی شەڕی تیرۆر و هەموو ئەوانەی کە لە ئەنجامی ئەم ناکۆکییانە زیانیان پێ گەیشتووە، وەربگیرێت. ئەگەر پرۆسەکە بەم شێوەیە بەڕێوە بچێت ئەوە ئێمە هەروەك چۆن لە ڕابردوودا پاڵپشتیی خۆمان ڕاگەیاند، لەمەودوایش بە هەمان شێوە پاڵپشتیی خۆمان ڕادەگەیەنین.

**جێبەجێکردنی ئەم خاڵە پێ دەچێت هەندێك قورس بێت؛ ئۆزەل هەوڵی داوە لە ڕێگەی ئەم خاڵەوە ژێرخانی خۆدزینەوە لە جێبەجێکردنی پرۆسەکە ئامادە بکات، ئەگەر هات و بارودۆخەکە بەباشی و لە بەرژەوەندیی ئەوان نەبوو.**

3. ئۆزەل جەختی لەسەر گرنگیی چەکدانانی پەکەکەی کردووە و ئاواتی خواستووە کەوا بابەتی تیرۆر لە تورکیا بۆ هەتاهەتایە کۆتاییی پێ بێت؛ بەڵام دوای ئەم ڕستانە، ئۆزەل تیشك دەخاتە سەر ئەوەی کە کاروبارەکان بە هیواخواستن ئەنجام نادرێن و، دووبارە جەختی لەسەر ئەوە کردووە بۆ جێبەجێکردنی ئەم هەنگاوانە پێویستە ژینگەیەك ئامادە بکرێت و تیایدا لایەنەکان متمانە بە

یەکتر بکەن. هەروەها ئاماژەی بەوە کردووە کە دەبێت لەسەر ئەرزی واقیعیشدا کاری فیعلی بکرێت.

4. ئۆزەل لەم خاڵەدا دەستی بۆ بابەتێکی گرنگی ئێستای تورکیا بردووە، ئەویش بریتییە لەوەی کە کێشەکانی تورکیا تەنیا لە ڕێگەی ئاشتیی ناوخۆوە چارەسەر دەکرێت؛ ئاشتیی ناوخۆیش لە ڕێگەی سیستەمێکی تاکڕەوی ئەنجام نادرێت، بەڵکوو لە چوارچێوەی سیستەمێکی دیموکراسی و چەسپاندنی بنەماکانی دەوڵەتی یاسا و دادپەروەری و یەکسانییەوە دەبێت.

ئەمە خاڵێکی زۆر گرنگە و پەیامێکی ڕاستەوخۆیش بۆ ئەردۆغان لەخۆ دەگرێت کە ئەویش بریتییە لەوەی کە، "**ناکرێت لە لایەک باسی ئاشتیی ناوخۆ بکرێت و لە لایەکی تریش گوشار بخرێتە سەر لایەنە سیاسییەکان و نوێنەرە ڕاستەقینەکانی گەل، هەروەها وڵات بە شێوەیەکی تاکڕەوی و نادادپەروەری و نایەکسانی بەڕێوە ببردرێت. ئەگەر نییەتی ڕاستەقینەی ئاشتیی ناوخۆتان هەیە، ئەوە دەبێت ئەمە لە چوارچێوەی بنەما دیموکراسییەکان و پرەنسیپەکانی دەوڵەتی یاساوە ئەنجام بدرێت؛ بەپێچەوانەوە ئەم هەنگاوە تەنیا بۆ بەرژەوەندیی خۆتان (ئەردۆغان و باخچەلی و ئۆجەلان) بۆ ماوەیەکی کورت بەکاری دەهێنن.**"

کەواتا مەرجی جەهەپە بۆ پاڵپشتیکردنی پرۆسەکە لەو کاتەدا ڕوو دەدات ئەگەر بەڕاستی نییەتێکی ڕاستەقینە هەبوو بۆ پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا.

5. پەیامەکەی ئۆزەل داواکارییەکیش لەخۆ دەگرێت؛ داواکارییەکە بریتییە لەوەی کە جێبەجێکردنی یاسا بەرکارەکان وەکوو خۆی و کۆتاییهێنان بە پێشێلکردنی ماددە دەستوورییەکان بەقەدەر ئەنجامدانی هەندێك چاکسازیی یاسایی، گرنگیی هەیە. واتا ئۆزەل لەم خاڵەدا ڕاشکاوانە ڕادەگەیەنێت: "**ئەگەر دەتانەوێ پرۆسەکە سەرکەوتوو بێت، سەرەتا دەبێت دەسەڵات پابەندی یاسا و دەستوور بێت و کۆتایی بەو ڕەفتارانەی بهێنێت کە نایاسایین.**" ئۆزەل پێی وایە بەبێ جێبەجێکردنی ئەم داواکارییە، یاسا نوێیەکان هیچ بەهایەکیان نابێت.
6. لە کۆتاییی پەیامەکەیدا، ئۆزەل پەنجەی خستۆتە سەر بابەتێکی گرنگ و، ڕاستەوخۆ بەم شێوەیە ئاماژەی پێ کردووە کە، "**جەهەپە بە هیچ شێوەیەك ڕێگە بە هیچ لایەنێکی سیاسی نادات داواکارییەکانی کۆمەڵگە دەربارەی ئاشتی و دیموکراسی، بۆ بەرژەوەندیی تەسکی حزبی خۆیان بەکار بهێنن**" و، ئەوان هەمیشە لەگەڵ پەیامی دامەزرێنەری حزبەکە و سیستەمی کۆماریی "مستەفا کەمال ئەتاتورك"ن کە دەڵێ "**ئاشتی لە ناوخۆ و ئاشتی لە جیهان.**"

بەگشتی هەڵوێستی گەورە حزبی ئۆپۆزیسیۆن کە ئێستا بەپێی دوایین ڕاپرسییەکان حزبی یەکەمی تورکیایە، بە مەرج پاڵپشتیی خۆی بۆ پرۆسەی ئاشتی ڕاگەیاندووە. بۆیە چاوەڕوان ناکرێت لە قۆناغەکانی داهاتوودا پرۆسەی ئاشتی، وا بەئاسانی و بەبێ کێشە بەردەوام بێت.

**سێیەم:** هەڵوێست و تێڕوانینی ڕاستەقینەی نەتەوەپەرستەکانی تورکیا خاڵێکی گرنگ و لایەنێکی یەکلاکەرەوەیە لەسەر ئاستی سیاسیی تورکیادا، چونکە ئەگەر تەماشایەکی قۆناغەکانی ڕابردوو بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە هەڵوێستی مەهەپە و سەرۆکەکەی، دەوڵەت باخچەلی، لە زۆر کاتدا یەکلاکەرەوە بووە؛ گرنگترینیان لە کاتی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری پێشووتری تورکیا "عەبدوڵڵا گوڵ" و دواتر

بەشداریکردنی مەهەپە لە هاوپەیمانیی کۆمار و پاڵپشتیکردنی لە ئاک پارتی و ئەردۆغان، ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر هاوکێشەی سیاسیی ناوخۆی تورکیا هەبووە. لەم چوارچێوەیەدا پێش ئەوەی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا دەست پێ بکات، دیسان باخچەلی بە پێشنیارە گرنگەکە کە لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٤ ڕای گەیاند، کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەبوو لەسەر ژیانی سیاسیی ناوخۆی تورکیا.

پێشنیار و دەستپێشخەرییەکەی باخچەلی بریتی بوو لەوەی کە ئەگەر پەکەکە دەیەوێ پرۆسەی ئاشتی دەست پێ بکات، ئەوە دەبێت ئۆجەلان لە پەرلەمانی تورکیا و لە گرووپی دەم پارتیدا ڕابگەیەنێت کەوا کۆتایی بە ڕووبەڕووبونەوەی چەکداری هاتووە و کۆتایی بە بابەتی تیرۆر بهێنێت، ئەوکات دەتوانێ لە یاساکانی ئازادکردنی سوودمەند بێت. واتا باخچەلی دیسان کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی هەبوو لەسەر دەستپێکردنی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا و نانەوەی هەنگاوەکانی بنیاتنانەوەی قۆناغێکی نوێ لە تورکیا.

هەر لەم چوارچێوەیەدا باخچەلی هەڵوێستی خۆی بەرامبەر پەیامەکەی ئۆجەلان ڕاگەیاند و تیایدا بەتەواوەتی پشتگیریی خۆی بۆ پرۆسەکە دووپات کردەوە و ئەم پرۆسەیەی بە دەرفەتێکی مێژوویی ناوزەد کرد و تیشکی خستە سەر مەترسییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی جیهان و ڕای گەیاند، کە ئەوان بەرپرسیارێتیی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم مەترسییەیان خستۆتە ئەستۆی خۆیان و ئاماژەی بەوە کرد، بۆ ئەوەی یەکپارچەیی خاکی تورکیا بپارێزرێت، ئەوە دەبێت ئەم پرۆسەیە سەر بخەن و تورکیایەکی بێ تیرۆر بنیات بنێن. هەروەها لە ڕاگەیەنراوەکەیدا باخچەلی پەیامەکەی ئۆجەلان و وەڵامی پەکەکەی بەگرنگ و مێژووی وەسف کرد و بەرامبەر ئەمەیش ڕەخنەیەکی توندی لەوانە گرتووە کە دژبەری پرۆسەکەن و ئەوانی بە کەسانی نانیشتمانپەروەر ناوزەد کرد. بۆیە دەبینین پەیامەکەی باخچەلی بەرامبەر ئەو کەس و لایەنانەی کە لە دژی پرۆسەکە وەستانەوە، زۆر توند بوو. لەبەر ئەمە دەتوانین بڵێین ئەم هەڵوێستەی باخچەلی هەڵوێستێکی گرنگ و مێژوویی و کاریگەرە؛ هەر لەبەر ئەمەیشە بە باخچەلی دەوترێت **"ئەندازیاری پرۆسەی ئاشتی"**.

بەڵام لێرە پرسیاری ئەوەمان بۆ دروست دەبێت: **"ئایا ئەم جارە باخچەلی کۆتایی بە ژیانی سیاسیی خۆی هێنا یاخود لە قۆناغەکانی داهاتوویش بەردەوام دەبێت؟"** چونکە ئێستا دوو حزبی دیکە کە هەوڵ دەدەن خۆیان وەکوو نوێنەری نەتەوەپەرەستەکانی تورکیا نیشان بدەن، دەرکەوتوون و بەپێی دوایین ڕاپرسی، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕێژەی دەنگیان زیاد دەکات، کە ئەوانەیش بریتین لە: "حزبی باش - İYİ Parti" بە سەرۆکایەتیی موسەوەت دەرویش ئۆغلو (Müsavat Dervişoğlu) دەرویش ئۆغلو دوای ڕاگەیاندنی پەیامەکەی ئۆجەلان، لە 28ی شوباتی 2025 کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیی بەست و بەئاشکرا و بەکورتی ڕای گەیاند: **"لەژێر چەتر و بیانووی هەڵوەشاندنەوەی پەکەکە، ئەم دەسەڵاتە کار بۆ ئەوە دەکات لە بکوژی منداڵێك کۆتری ئاشتی دروست بکا، بەڵام لە ئەسڵدا ئەم کارە بۆ ڕاکێشانی پەکەکەیە بۆ هاوپەیمانیی کۆمار. واتا با زیاتر ڕوونی بکەمەوە: ئەوەی دەگوزەرێ بریتییە لە دانوستانی سەپاندنی سیستەمی سەرۆکایەتی تا مردن (مەبەستی ئەردۆغانە؛ کاری بۆ دەکرێت تا لە ژیاندا ماوە بتوانێ خۆی کاندید بکات)."** ئەمەیان دوایین هەڵوێستی "حزبی باش"ە کە بەشێکی گرنگی نەتەوەپەرستەکان لەخۆ دەگرێت؛ چاوەڕوانیش دەکرێت بەشێکی دەنگی مەهەپە بۆ ئەم حزبە بگەڕێتەوە.

ئەوەی دووەمیان حزبی زەفەر (Zafer Partisi)ە بە سەرۆکایەتیی "ئومید ئۆزداغ" کە ئێستا بەهۆی "سووکایەتیکردن" بە سەرۆککۆماری تورکیا و هاندانی خەڵك بەئاشکرا بۆ ڕق و دوژمنایەتی دستبەسەر کراوە؛ یەکێکە لەو حزبە سیاسییانەی کە پێشبینی دەکرێت ڕێژەی دەنگەکانی زیاد بکات. هەروەك لە

سەرەوە ئاماژەمان پێ کرد، ڕێژەی دەنگی حزبی زەفەر بەهۆی هەڵوێستەکانی لە دژی دەسەڵات و پرۆسەی ئاشتییەوە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاد دەکات و چاوەڕوانیش دەکرێت ڕێژەی دەنگەکانی هەڵکشێت.

واتا بەکورتی دەتوانین بڵێین بەشێکی دیاری دەنگی مەهەپە لەوانەیە بۆ ئەم دوو حزبە بچێت؛ بەتایبەت دوای نەخۆشکەوتنی باخچەلی کە دووبارە گەڕانەوەی بۆ ژیانی سیاسی، بۆتە جێگەی مشتومڕی ئێستای تورکیا. بۆیە پێشبینی دەکرێت لە هەموو ئەگەرەکاندا پێگەی مەهەپە لاوازتر بێت و ئەم هەنگاوەی باخچەلی زۆر بە گران لەسەری بکەوێت.

**چوارەم:** هەڵوێستی پەکەکەیش لەم بارەیەوە زۆر گرنگە، چونکە ئەوەی لە ئەرزی واقعدا جێبەجێی دەکات پەکەکەیە؛ واتا ئەرکی جێبەجێکردنی پەیامەکە دەکەوێتە ئەستۆی پەکەکە. لەم چوارچێوەیەدا پەکەکە دوای پەیامەکەی ئۆجەلان ڕاستەوخۆ ڕای گەیاند کەوا پەکەکە ئامادەیە بۆ جێبەجێکردنی پەیامەکەی ئۆجەلان. بەڵام ئەگەر تەماشای وردەکارییەکانی ڕاگەیاندنەکە بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کەوا پەکەکە بە مەرجی ئازادکردنی ئۆجەلان پەیامەکە لەسەر ئەرزی واقعدا جێبەجێ دەکات. واتە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە، ئۆجەلان مەرجی ئازادکردنی داناوە بۆ ئەوەی پەکەکە چەک دابنێت، بەڵام ئەم خاڵەی بەئاشکرا نەخستۆتە پەیامەکەوە بەڵکوو لە وەڵامی پەکەکە ئەم مەرجەمان بۆ دەردەکەوێت. هۆکاری ئەمەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەوا ئاک پارتی ویستوویەتی پەیامەکەی ئۆجەلان بەبێ مەرج دەرکەوێت، بۆ ئەوەی لایەنە سیاسییەکانی دیکە گرفت بۆ بابەتەکە دروست نەکەن و وا دەرنەکەوێت کەوا ئۆجەلان بە مەرج ئەم پەیامەی بڵاو کردۆتەوە. لەم چوارچێوەیەدا نووسەرێکی ناوداری خەڵک تی ڤی (Halk Tv) “ئیسماعیل سایماز - İsmail Saymaz” دەربارەی مەرجەکانی پەکەکە و ئۆجەلان بەرامبەر ڕاگەیاندنی پەیامی دانانی چەک لەلایەن پەکەکەوە، ڕای گەیاند، ئۆجەلان و پەکەکە بەرامبەر سێ مەرج پەیامەکەیان ڕاگەیاندووە؛ ئەم سێ مەرجە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١. مەرجی یەکەم، تایبەتە بەو ناوانەی کە لە زیندانەکانی تورکیا دەستبەسەرن؛ لە سەرووی هەموویان ئۆجەلان دێت. بۆ ئەوەی کۆتایی بە پێکدادانی چەکداری بهێنرێت، مەرجە ئەوانەی لە زینداندان لە ڕێگەی دەرکردنی هەندێک یاسای تایبەتەوە ئازاد بکرێن، چونکە گەر تەماشایەکی وەڵامی پەکەکە بکەین بۆ پەیامەکەی ئۆجەلان، دەبینین مەرجی ئازادکردنی ئۆجەلانیان داناوە بۆ ئەوەی پلانەکە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و سەرکەوتووانە ئەنجام بدرێت.

٢. مەرجی دووەم، پەیوەستە بە بارودۆخی ئەوانەی لە شاخن و بەکورتی “گەریلاکان”. ئەمانە دەبێت ڕێگەیان بۆ خۆش بکرێت کە لە چوارچێوەی بنەما دیموکراسییەکاندا بەشداری لە ژیانی سیاسی و مەدەنی بکەن و، پێویستیشە ئەم مەرجە گەرەنتی بکرێت.

٣. ئەم مەرجەیان لە هەمووان گرنگترە و، تیایدا دەبێت ڕێگە بدرێت کورد لە ڕێگەی ناسنامەکەی خۆی بتوانێ ڕێکخستنەکانی بونیاد بنێت و ڕێگەی پێ بدرێت کار و چالاکییە سیاسییەکانی لە چوارچێوەی پاراستنی ناسنامەی کورد بەڕێوە ببات. بۆیە لە لایەک دەبێت ڕێگە بە کورد بدرێت لە چوارچێوەی پاراستنی ناسنامەکەی خۆیەوە بەشداریی ژیانی سیاسی بکات لە تورکیا و، لە لایەکی دیکەیشەوە دەبێ دەسەڵاتی ئێستا واز لە دانانی “قەیووم” بهێنێت بۆ ئەو شارەوانییانەی کە لەلایەن کوردەوە بەڕێوە دەبردرێن و بە شێوەیەکی دیموکراسی و لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە گەیشتوونەتە ئەم پۆستانە.

بەڵام با خاڵێکی گرنگی دیکە لەبەرچاو بگرین کە ئەویش بریتییە لەوەی، پەکەکە ئەمە یەکەم جاری نییە بانگەشەی چەکدانان بکات؛ لە ساڵانی (١٩٩٥ و ١٩٩٦)یش پەکەکە چەند جارێک بۆ ماوەی کورتخایەن و درێژخایەن ڕای گەیاندووە کە چەک دادەنێت. تەنانەت لە ساڵی ١٩٩٩یش بە هەمان شێوە، ئەو کاتەی کە ئۆجەلان دەستگیر کرا، هەمان هەنگاوی نا. جگە لەمە لە ساڵی ٢٠٠٢ بەهۆی کێشە ناوخۆییەکانی نێوان پەکەکە دیسان بڕیار درا کە پەکەکە هەڵبوەشێتەوە و چەندان ناوی دیکە تاقی کرایەوە، بەڵام دواجار ناوی ڕێکخستنەکەیان بۆ پەکەکە گۆڕی. ڕاستە لەوانەیە ئەم هەنگاوانەی پەکەکە لە ڕابردوودا لە کەشوهەوایەکی جیاوازتر ئەنجام دراوە بەڵام کێشە سەرەکییەکە لەوەدایە ئایا گەرەنتیی ئەوە دەکرێت پەکەکە هەمان سیناریۆکانی ڕابردوو دووبارە نەکاتەوە؟ بۆیە ڕۆژان و قۆناغەکانی داهاتوو ئەوەمان پێ نیشان دەدەن کە ئایا پەکەکە بەتەواوەتی پابەندی ئەم بابەتە دەبێت یاخود نا. بەڵام سەرەڕای ئەمە بە ئەگەرێکی زۆرەوە پێ ناچێت تا ئەم کاتە متمانەیەکی ڕاستەقینە لە نێوان لایەنەکان دروست بووبێت، چونکە تا ئێستا لایەنەکان بەبێمتمانەییەوە هەنگاو دەنێن.

**کۆبەند**

گۆڕانکارییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان بێ گومان کاریگەرییان لەسەر ئاستە نێوخۆییەکانیش هەیە و دەبێت، بەتایبەت گۆڕانکارییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و، وردتر جموجۆڵەکانی ئیسرائیل لە ناوچەکەدا بۆتە هۆکار و پاڵنەرێکی گرنگ بۆ گۆڕینی هاوکێشە سیاسی، ئەمنی و ئابوورییەکانی ناوچەکە. ئەنقەرەش یەکێک لەو هێزە کاریگەرانەیە کە نایەوێ لە هاوکێشە نوێیەکەوە دوور بێت؛ بۆ پێکانی ئەم ئامانجەیش دەبێ لەسەر ئاستە ناوخۆییەکەیدا سەرکەوتوو و بێکێشە بێت.

دۆزی کوردیش هەم لەبەر ئەوەی ڕەهەندی ناوخۆیی هەیە و هەمیش ڕەهەندی دەرەکیی هەیە، بۆیە ئەنقەرە ئەو پەیامەی پێ گەیشت کە ئەگەر بیەوێ لە هاوکێشەکاندا ڕۆڵ و پێگەی هەبێت ئەوە نابێت خۆی لە کێشە ناوخۆییەکانی خۆی بێبەری بکات. دووبارە زیندووکردنی بابەتی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا، ئەم جارەیشیان ڕەهەند و هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکیی هەبوو، بەڵام ئێستا ئەم پرسیارانەمان بۆ دروست دەبێت: **ئایا ئەم پرۆسەیە تا چ ڕادەیەک سەرکەوتوو دەبێت؟ ئایا متمانەی ڕاستەقینە لە نێوان لایەنەکان هەیە یاخود ئەم هەنگاوە هۆکارە سەرەکییەکەی، گوشارە نێوخۆیی و دەرەکییەکانە**؟ یانیش **خودی پرۆسەکە قۆناغی دەستپێکردنی لاوازکردنی تورکیایە و دواتر تێکدانی سەقامگیرییەتی**؟ بێ گومان لە سەرەوە هەوڵمان دا لە ڕێگەی خستنەڕووی هەڵوێست و تێڕوانینی لایەنە جیاوازەکانەوە وەڵامی هەندێک لەم پرسیارانە بدەینەوە، بەڵام لەوانەیە پەیامەکەی نووسەری بەناوبانگی تورکی "یلماز ئۆزدیل - Yılmaz ÖZDİL" دەربارەی ئەم بابەتە کە لە "پێگەی ئێکس"ەوە ڕای گەیاند، وەڵامێکی سەرەتاییمان پێ بدات. ئۆزدیل لە پەیامەکەیدا پرۆسەی ئاشتیی بەم شێوەیە کورت کردۆتەوە: "**هەنگاوی یەکەم، کوردستانی عێراق بوو؛ لە هەنگاوی دووەمیش کوردستانی سووریا بوو؛ ئێستایش لەبەرچاوی خەڵکی تورک یانەسیبەکەیان بۆ تورکیاش ڕاکێشا.**" مەبەستی ئۆزدیل لەم لێدوانە بریتییە لەوەی کە پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا ئەم جارەیان دەستپێکی دابەشکردنی تورکیایە و بەهێزکردنی پێگەی کوردە لە تورکیا و دامەزراندنی کوردستانی تورکیایە. بەڵام سەرەڕای ئەم جۆرە بۆچوون و تێبینییانە، پێشبینیی ئەوە ناکەین لە قۆناغەکانی داهاتوودا پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا، کە ڕۆڵی ئەم سێیانەیە (ئەردۆغان-باخچەلی-ئۆجەلان) تیایدا بنەڕەتی و جەوهەرییە، ئامانجە ڕاستەقینەکەی خۆی بپێکێت، بەڵکوو زیاتر بۆ بەرژەوەندیی لایەنەکان بەکار دەهێنرێت.